


**سامان حه مه ئەحمەد  پارێزەر**

## دەستەڵات جێبەجێکردنی یاسایەو یاساش لە دینەوە هەڵێنجراوە

## چونکە بتەوێتو نەتەوێت ئاینی ئیسلام وویستی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە

## دیمانە : ئاسۆ

**پ  پرسیار1 / لەمادەی "23"لەدەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتووە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان- عیراقو ئەنجومەنی خۆجێیو شارەوانیەکاندا ڕێژەیەك بۆ بەشداری ژنان تەرخان دەکرێت بەمەرجێك 25٪ کورسی یەکان کەمتر نەبێت ئایا ئەم خاڵە پێچەوانەی خاڵی ژمارە"21" نییە لەهەمان دەستوردا کەمافی یەکسان دەبەخشێت بە هەردوو ڕەگەزەکە؟**

وەلأم/ دەتوانیین بلێین نەخێر هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان مادەی "21" و "23" پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی مادەی "21" جەخت دەکاتەوە لەسەر یەکسانی نێوان ژنانو پیاوان وەهەروەها لە مادەی"23"ی دەستوردا باس  لەوە دەکات کە نابێت لە ئەنجومەنەکاندا ڕێژەی ژنان 25٪ کەمتر نەبێت کەواتە دەتوانن زیاتربن، ئەم زیادبوونی ڕێژەیەش دەکەوێتە سەر توانای ژنان خۆیان، بەلأم ئەگەر ڕێژەی ژنان وادیاری بکرایە کە نابێت لە"25٪"زیاتر بێت ئەوکاتە دەتوانرا بوترێت جیاوازی هەیە لە نێوان مادەی"21"و"23"دا، بەپێچەوانەوە هیچ مادەیەك نیە لە دەستورەکەدا ڕێگر بێت لەبەردەم ئەوەدا ژنان ببن بەسەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

**پرسیار2 / یەکێك لە ئیشکالیەتەکانی دەستوری هەرێم نووسینی ئەم دەستورەیە بەزمانی بێگانە کەئەمەش ڕوبەڕووی ڕەخنەی زۆر بۆتەوە لەلایەن ناوەندی سیاسیو ڕۆشنبیرییەوە ئایا نەدەکرا ئەو ڕستەو زاراوانەی کەلەزمانی کوردیدا مورادیفیان نییە بەئینگلیزی یان عەرەبی لەنێوان کەوانەیەکدا بنوسرانایەتەوە؟ بۆوێنە هیچ نەتەوەیەك نیە لەدونیادا بەزمانی بێگانە دەستورەکەی بنوسرێتەوە؟ ئایا ئەمە بێ توانایی زمانی کوردی نیشان دەدات یان گرێ دانەوەی کوردستان بە نیشتمانی عەرەبی یەوە؟**

وەلأم/ بێگومان تاووشەیەکی کوردی هەبێت نابێت ووشەی بێگانە لەدەستورەکەدا بێت، بەلأم لە زمانی کوردیشدا دەبێت بەزمانی ڕۆژنامەکان بنوسرێتەوە کەزمانی بنەڕەتی کوردە چونکە زمانی کوردیش کۆمەڵێك زمانی جیاوازی تێدایە وەك سۆرانیو بادینانیو کرمانجیو هەورامی هتد هەروەها لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر ووشەکان دەگۆڕدرێت بۆ نموونە سلێمانیو هەولێری بەلأم ئەوەی گرنگ بێت ئاماژەی پێ بکرێت گرنگ تێ گەیشتنو لێك دانەوەی ئاسان بێتو زۆرترین خەڵك تێ ی بگات.

**پرسیار3 / لەڕەشنوسی دەستوردا چەندین ناوو ئاوەڵناو بەکارهێنراون ناوی هەرەسەرەکی "کوردستان-عێراق"ە تەنیا ناوی کوردستان بەڕووتی بەکار نەهێنراوە ئایا نەدەکرا کوردستانی باشور یان کوردستان بەتەنیا بۆ کوردستان بەکاربهێنرایە تا ئەوەی عێراق بەردەوام نەبێتە پاشگری ناوی کوردستان؟ چۆن لەهیچ ناوچەیەکی جیهاندا ئەم ناوە لێکدراوانە بەکار نەهێنراوە بۆ نموونە لە ئێران ئوستانی کورستان بەکار هاتووە نەك کوردستانی ئێران ئایا بۆچی دەبێت بەردەوام پاشگری عێراق بەدوای ناوی باشوری کوردستانەوە بێت هۆکەی ڕەچاوکردنی دۆخە یان خۆبەعێراقی زانیین؟**

وەلأم/ هەموو هەوڵێکی ئێمە لەم قۆناغەدا دروستکردنی حکومەتێکی فیدراڵی دروست بکرێت ئەو کاتە عێراق سێ ویلایەتی تێدا دەبێت یەکێکیان ویلایەتی کوردستانە دوای ئەم قۆناغە دەتوانین ئارەزووی جیابونەوە بکەین بێینە دەرەوە لە حکومەتە فیدرالیەکە ئەوکاتە ناوی عێراق لەگەڵ کوردستان ناهێنرێت کوردستان بەتەنها ناوی دێت، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریش ئاماژەکردن بۆ کوردستانی عێراق واتە کوردستانی تریش هەیە ئەوە کوردستانی ئێرانە ئەوە کوردستان سوریایە هەروەها کوردستانی تورکیاش، عێراق زیاتر نیە لە کوردستانی"تورکیاو ئێرانیش" چۆن دەتوانین بەتەنها ناوی کوردستان بۆخۆمان داگیر بکەین، ئەگەر بڵێین کوردستانی باشور جارێکی تر هەڵەیەکی سیاسی دروست دەکەین دەڵی دراوسێکانمان ڕەش دەکەین هەرچەندە خۆی ڕەشە.

پرسیار 4 / هەموو فەرهەنگو ئینسکلوپیدیاکانی جیهانو تیورزانو باسکرانی پسپۆر لەبواری نەتەوە ناسیدا لە شۆڕشی فەرەنساوە"1789" هەتا هەنوکە لەسەر پێناسەی گشتی نەتەوە کۆکن کە نەتەوە بەکۆمەڵە خەڵکانێك دەوترێ خاوەنی زمانو مێژوو خاكو کلتورو ئایینی هاوبەش بن پرسیارێك لێرەدا دێتە پێشەوە کەلەیەکێك لە ماددەکانی دەستوردا هاتووە کە دەڵێت گەلی کوردستان پێکهاتووە لە کوردو نەتەوەکانی تورکمانو کلدانو ئاشور ئەرمەن و عەرەب پرسیارەکە بە دیاری کراوی ئەوەیە بەکارهێنانی ئەو کەمە نەتەوانە بەنەتەوە کێشەیەکی سیاسیو یاسایی بۆ ئێستاو داهاتووی کوردستان ناخولقێنێت؟

وەلأم/ نەخێر لەبەر ئەوەی تۆ بەم دەربڕینە کەمینەکان دەتوێنیتەوە لەگەڵ کوردستاندا بۆ ئەوەی لەدووا ڕۆژدا سود لەوە نەبینن بڵێن ئێمە وولآتێکی سەربەخۆ بین، بەڵکو دەتوانین لە دووا ڕۆژدا پێیان بڵێن ئێوەش بەشێکن لەپێکهاتەی کوردستان، بێ گومان کوردستانیش لە "کوردو تورکمانو کلدانو ئاشوریو ئەرمەنو عەرەب"پێکهاتووە.

پرسیار 5 / زۆرێك لەیاساناسو پسپۆرانی بواری دەستور جەخت لەسەر ئەوە دەکەن سیمای سەرەکی ئەم دەستورە سیمایەکی ئیسلامیە بەوپێ یەی لەماددەی"7"دا ئایینی ئیسلام کراوەتە ستراکتەری نوسینەوەی دەستور، وەلێ هەموو بنەماکانی نی یە بەلأم بنەمایەکی کاریگەرە لە داڕشتنی دەستوردا، پرسیارەکە لەوێوە دەست پێ دەکات گەمارۆدانی دەستور بەبنەما ئایینیەکانی ئیسلام بەتاڵکردنەوەی خودی سکولاریزم نیە کەلەسەر جیاکردنەوەی دینو دەسەلأت ڕاوەستاوە؟ لەلایەکی تر ئەگەر شەریعەتی ئیسلام ڕۆڵی کارا لەنوسینەوەی دەستوردا بگێری خۆی لەخۆیدا هەڕەشە نیە بۆ سەرمافی ئەوانی تری غەیرە موسوڵمان؟ ئاخۆ دەستورێك کە ئیسلام ئیمانی خۆی تێدابێت چەند دەتوانێت مافی پەیڕەوانی ئاینەکانی ترو بێ ئاینەکان بپارێزێت؟

وەلأم/ لەکاتی دانانی دەستوریان یاساکاندا دەبێت پشتت بەسەرچاوە ببەستین ئەوسەرچاوانەش کەیاسا یان دەستور دروستی دەکەن"1"ئایینی ئیسلامە کەزۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێننو ویستی زۆرینەیشە "2"عورف"3" عەدالەت"4" یاسای نێوان دەوڵەتانو هتد.

کەواتە دەستور لەدایك بووی سەرچاوەکانێتی بێ گومان دەبێت سەرچاوەکانیش یەکێك بن لەبنەماکانی دەستورەکە، نامەوێت بچمە وردەکاریەکانەوە بەلأم ئەوەندەی گرنگە بیڵێم دەستور دەبێت ڕەنگدانەوەی دانیشتوانی ژێر چەتری دەستورەکە بێت، نەخێر، ڕاستە لە ڕووی قانوونیەوە دەبێت دینو دەسەلأت لەیەکتریەوە دوربن بەلأم لەڕووی واقعیەوە. دەستەلأت جێبەجێکردنی یاسایەو یاساش لە دینەوە هەڵێنجراوە چونکە بتەوێتو نەتەوێت ئاینی ئیسلام وویستی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە.

لەوڕووەشەوە نابێت بەهەڕەشە بۆ غەیرە موسوڵمانەکان، چونکە لەبنەما نەگۆڕەکانی ئیسلامدا ڕێز لەهەموو دینەکانی تر دەگیرێتو پەسەندیان دەکات وەمافی ئاینەکانی تریش دەپارێزێت، سەرەڕای ئەمەش لەدەستورەکەدا مافی مەدەنیو سیاسیو ئازادیو کۆمەڵایەتیەکان دەستەبەرکراوە هەرشتێك بێت بەپێچەوانە یان لادەبرێت چ دینو یان عورف یان هەرچی شتێ بێت.

پرسیار6 / سەرباری ئەوەی هەندێك كەموكورتی جدی لە ڕەشنوسی دەستوردا بوونی هەیە بەڵام پراكتیزەكردنی ئەم دەستورە كارێكی پۆزەتیفە بەنیسبەت هاوڵاتیانی كوردستانەوە، كاتی ئەوەیە بپرسین ئەم دەستورە دەتوانیت دابڕانێك دروست بكات لەنێوان دووماوەدا بەومانایەی قۆناغی پێش دەستور كە پڕیەتی لەپێشێلكاریو قۆناغی دوای دەستور كەلێوانلێوە لەپابەند بەیاساو بڕگەو ماددەكانی دەستورەوە یاخود دەستور وەك تێكستێكی سواوو كارپێنەكراو دەمێنێتەوەوەچێتە چوارچێوەی دیماگۆگیەتی دەسەڵاتی سیاسیەوە ؟

بۆنموونە لەعێراقدا دەستور هەیەو دەنگیشی بۆ دراوە بەڵام بچوكترین پەیڕەو لێكردن نابینیت لەلایەن كۆی عێراقی یەكانەوە ؟

وەڵام / گرنگ نیە ئێمە خۆمان بەراورد بكەیت بە وولاّتێكی وەكو ئینگلترا كەزیاتر لە هەزارساڵ بەرهەم هێنراوە گرنگ ئەوەیە تێ بگەین قۆناغەكان بەسێ ساڵ دووای ڕووخانی ڕژێم بەچی گەیشت؟ یەكەم جارە دەستور وەك دەستور باسی لێ دەكرێ كە هەبێت لە عێراقدا بە فعلی خەڵك تاچەند ئاگادارە بەم دەستورە لەڕووی زانستو ناوەرۆكو مانایەوە من پێم وایە دەستور دووای نوسینەوەی بەچەند قۆناغێكی كەم جێگەی خۆی دەگرێت و ئیمانی بێ دەهێنرێت خەڵك دەسەڵاّتەكان ناچار دەكات دەستور بنوسنەوە تێ گەیشتنی خەڵك بەدەستور وادەكات دەسەڵاّتەكان ناچارین لێ ی لانەدەنو پەیڕەوی بكەن ئەگەر حەزیش بەدەستور نەكەن.

تێبینی ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی ئاڵاّدا لەچوارچێوەی تەوەرەیەك لەسەر ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی كوردستان بلاو كراوە تەوە